



ماجید خەلیل

# سعودیە
# خاکی سەلەفیزم و بیابانی ئازادی

خوێندنەوەیەك بۆ بندەستکردنی عەقڵی ئازاد و ئەزمونگەرا

سعودیە سەمەرەی دەوڵەتداری، کیشوەرێک ناتەبا لەگەڵ پێوەرەکانی سەردەم و تەبا لەگەڵ چەقبەستوویی و وابەستەبوون بە مێژووە تاریکەکانەوە. لەم وڵاتەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لیستی پەرتوکە قەدەغەکراوەکان زیاد دەکات و میتۆدی داسەپێنراو بەسەر پەروەردە و خوێندنی باڵا و خوێندنی ئەکادیمی زیاتر دەبێت. وڵاتێک لەم ساڵدا دەنگۆی کرانەوە و هەنگاونان بەرەو دنیای سەردەم تەواوی میدیای عەرەبی و ئیسلامیی تەنی، ئەم کرانەوەیە خۆی لە چەند هەوڵێکی پڕ سەمەرە و کۆمیدییدا بینییەوە، هەوڵگەلێک بۆ مۆڵەتدان بە لێخوڕینی ئوتۆمبێل بە ژنان و ڕێگەدان بە کرانەوەی سینەما و بوارکردنەوە بۆ گەلێک مافی سەرەتایی، لە کاتێکدا ڕوانگەی کۆمەڵگەی سعودی هێشتا بە بێزەوە دەڕوانێتە ئەو مافە سەرەتاییانە، هێشتا لە بەشێکی بەرین لە شارەکانی سعودیەدا مافە دەستوورییەکان بڤەن و زیاتر گرێدراوی مزگەوت و حاخامە ئیسلامییەکانی حەوزە شێوە تەقلیدییەکانی شیعەن، ئەم نەزمەی ئایینداریی سیاسی سعودیە بۆ هێشتنەوەی خەڵکی دەڤەرە دوور لە شارەکانە کە هێزی سەربازی و مرۆیی و کاری سعودیە پێکدەهێنن و مێشکیان شۆراوە لە دونیای سەردەم. بەڵام کۆمیدیای نەزمی خوێندن لە سعودیەدا بەجۆرێک لە جۆرەکان فشاری ڕووبەڕووی ئەمەریکییەکان کردووەتەوە، چونکە بەشێک لە چاودێران سعودیە وەک پارێزەر و هاوپەیمان و هاوبەشی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەزانن، ئەوان پێیان وایە بۆ پرسی مافی مرۆڤ و ديموكراسی و ئازادییەکانی تاک ئەمریکا بەرپرسیارە لەو ڕەوشەی کە عەقڵی وەهابیزم و سەلەفییەتی سعودیە ئاراستە دەکات. لە دە ساڵی ڕابردووشدا تێکڕای ئەو توندوتیژییە ڕادیکاڵانەی لە ئەمریکادا هاتوونەتە پێشەوە بەشی هەرە زۆریان وابەستەبوون بەو میتۆدە ڕێگەپێدراوەی نێو ناوەندە ئایینییەکانی موسڵمانان کە لە سعودیەوە دەنێردرێت. هەر بۆیە لە 2017دا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە سعودیەدا ڕوویدا، ئەم گۆڕانکارییانە لە سەد ساڵی ڕابردووی ئەم دەوڵەتەدا نەبوون. گۆڕانکارییەکان بەتایبەتی لە سەردەمی محەمەدی کوڕی مەلیک سەلماندا دێنە پێشەوە، ئەو لاوێکە دەستی داوەتە گۆڕانکاری و ڕیفۆرم، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ڕووکەشن و ناتوانێت ئەو توراسە بەهێز و ڕەگداکوتراوەی سەلەفیزم بلەرزێنێت. ساڵی 2017 وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هاوکاریی وەزارەتی خوێندنی باڵای سعودیەی کرد تاوەکو سەرلەبەری ئەو میتۆدەی خوێندنی نێو مزگەوت و خوێندنگەکان بکشێنێتەوە، هۆکاری ئەوەی چاوگێڕانەوە بوو بەو پاڵنەرانەی توندوتیژییەوە کە لە میتۆدەکەدا هەن و بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە درابوونە بەرپرسانی سعودیە ڕەگەکانی تیرۆر لە دێڕەکانی ئەو میتۆدەوە هەڵتۆقیون. لە سێپتەمبەری 2017 وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕیکس تیلەرسۆن سووربوو لەسەر ئەوەی کە کە پێویستە میتۆدی خوێندن لە سعودیە بگۆڕێت و جەختی کردەوە لەو هەنگاوانەدا ئەمەریکا هاتووەتە پێشەوە و هاوکاریی دەسەڵاتدارانی سعودیە دەکات. ئەم لێدوانانەی وەزیری دەرەوە لە کۆنگرەی ئەنجومەنی ئەتڵەسی لە واشنتۆن

بوو. هەروەها وەزیری پەروەردەی سعودیە ئەحمەد عیسا ئەوەی نەشاردەوە کە پەیوەندیی نیشتیمانیی ئەمەریکی بۆ پەروەردە و فێرکردنی زارۆی بچوک (نایک) هەماهەنگی سعودیە دەکات تاوەکو بتوانن تاوەکو 2030 میتۆدی نەوەیەکی بەئاگا بخەنەگەڕ. بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنجە ئەو میتۆدە نوێیەی کە دانراوە دیسانەوە کێشەی گەورەی تێدایە و هەڵهێنجراوی ڕەوگەیەکی هزریی دیاریکراوی وابەستە بە ئیسلامی سوننییە، کە بە تەواوی عەقڵ و بیری وەهابیزم لە ناویدا ڕەنگدانەوەی هەیە، تەنانەت لە یەکێک لە وتارەکانی ڕۆژنامەی عەکازی سعودیدا لە 5/5/ 2018 ڕاوێژکارێکی پەروەردەیی کە ئێستا لە بەرلین نیشتەجێیە بەناوی دکتۆر بیات فەزڵ جەختی لەوە کردووە کە میتۆدی نوێی سعودیە هەوڵی سەلەفییەکانی لە پشتەوە بووە و بەتەواوی دایانشۆریوە لە دنیای نوێ و تاوەکو 2030 لەو کیشوەرەدا بیابانێک لە ئازادی دەبینین. ئەو جەختی لەوە کردووە کە سعودیە لە دووڕیانێکی ترسناکدایەن دووڕیانێک کە جوولانەوەی سەلەفیزمی جیهادی بە پاساوی گۆڕانکارییە نوێیەکان و کاردانەوەی ئەو گۆڕانکارییە ڕواڵەتییانە بە شێوەیەک هاتووەتە پێشەوە کە زیاد لە جاران هۆشیان وا بەلای بنەما جێگیرەکانی بیری سەلەفیزمەوە. ئەو نووسیویەتی پێشووتر سعودیە لە خەمی سەلەفییەتی دەرەوە بوو، بەڵام ئێستا ئالاوەتە گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان و بۆ ئەو مەبەستەیش خانەی مزگەوتەکان بە تەواوی بوونەتە زانکۆی پێگەیاندنی سەلەفیزمی جیهادی لەو وڵاتەدا.

چوار ساڵ پێش ئێستا یەکێک لە زانا دیارەکانی سعودیە کە هەڵگری بیری وەهابییە لە فەتوایەکدا کە دەنگدانەوەی زۆری لێکەوتەوە، فەتوای کوشتنی هەموو نووسەرێکی لیبراڵ و ئازادیخوازی دا. ئەو زانا بەناوبانگە ناوی (الشيخ عبد الرحمن بن البراك) و ئەوکات تەمەنی 80 ساڵ بوو. فەتوای ناوبراو دژ بە نووسەران (عەبدولا عوتەیبی و یوسف ئەبەلخەیل) بوو. بەراک لە تویتەری خۆی نووسیویەتی گەر ئەو نووسەرانە لە سەردەمی خەلیفە مەهدیدا بوونایە وەک زەندیقێک سەریان لە لاشەیان جودا دەکرایەوە و ناوی هەردووکیانی هێناوە. بەراک لە شەقامی سعودیەدا هەژمونی هەیە و گوێ بۆ فەتواکانی دەگیرێت و بە هەزاران قوتابیی دەرچووی شەریعە وتەکانی ئەو وەکو فەرمانێکی بێ پێچ و پەنا تەماشا دەکەن.

هەروەها پار ساڵ توێژەرانی ڕێکخراوی پرۆژەی دیموکراتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناوەکانی (کریستیان بیشوف و ئامی هاوپورن) لە ماڵپەڕی پەیمانگای واشنتۆن بۆ کاروباری ڕۆژهەڵات بڵاویانکردەوە کە ڕق و نەبوونی لێبوردەیی لە ڕژێمی سعودیەوە هەڵدەتۆقێت.

وەهابیزم وەک جوولانەوەیەکی ئایینی، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 300 ساڵێک پێش ئێستا، ئەم جوولانەوەیە لە پاش هێرشەکانی یازدەی سێپتەمبەری ئەمریکا بووە دەنگۆیەکی نێونەتەوەیی و گلۆباڵ. پاش ئەو ڕووداوانە، خۆرئاوا بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا کەوتەخۆ و دژ بە ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی جیهان و ئەو ڕژێمانەیش کە پشتیوانیی ئەو هێزانە دەکەن

لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی ڕووبەڕوو بوونەوە. ئەم هەڵمەتەیش بە جەنگی گلۆباڵ دژ بە تیرۆر نێوزەد کرا . لە ئاکامی کۆڵینەوەکانی ڕووداوەکەدا ئەوە خرایەڕوو کە لە کۆی 19 تیرۆریستی بەشداربوو لە هێرشەکەدا 15 تیرۆریستیان لە عەرەبستانی سعودیەدا بوون. ئەم دەوڵەتە خاوەنی دوو ڕەگەزی بنچینەییە لە ژینگەکەیدا. یەکەمیان بریتییە لە خودی خانەوادەی دەسەڵاتداری پادشایەتی سعودی. ئەم خانەوادەیە لە دروستبوونی دەوڵەتی سعودیەوە تاوەکو ئەوڕۆ بە بەردەوامی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای سعودیەن. دووەم ڕەگەزی سەرەکی ئەم دەوڵەتە بریتییە لە ئایدیۆلۆژیای ئایینی ئیسلامیی وەهابیزم. ئەوانیش فاکتەرێکی کارای چێبوونی دەوڵەتدارییە لەگەڵ خانەوادەی خانەدانی «سعود»دا. ئەمەیە وایکردووە کە وەهابیزم بووەتە شوێنبایەخی کۆڵەران و سیاسەتوانان و میدیای خۆرئاوا. هەر بۆیە لەناکاو تەواوی یان بەلایەنی کەمەوە زۆرترینی تیرۆریست و جیهادییە ئیسلامییەکان کە بەشێک بوون لەو ململانێ جیهانییەی ژینگەکەدا، بۆ نموونە لە ئازەربایجان و چیچان و بۆسنەدا وەک وابەستەبوویەک بە جووڵانەوەی وەهابی هاتنە پێشێ. ڕیشەی وەهابیزم لە سەدەی هەژدەیەمدا و لەو ساتانەی کە لە تەک خانەدانی سعوددا هاوپەیمانی دەکەن و پێکەوە دەوڵەتی سعودیە دادەمەزرێنن و تاوەکو ئەوڕۆ درێژەی پێدەدەن. ڕیشەی ئایدیۆلۆژیی ئەم جووڵانەوەیە لەنێو جیهادی و توندڕەوەکانەوە شتێکی تێبینیکراوە. دیارە ئەمە ئەوەش ناگەیەنێت کە وەهابیزم ڕاستەوخۆ پەیامێک بێت بۆ بناژۆیی ئیسلامی و پەرگیری لەناو ڕێکخراوەکاندا. بەڵکو وەهابیزمیش وەک تەواوی جووڵانەوە ئایینییەکانی دیکە دابەشبووە بەسەر ڕەوت و بازنە جیاوازەکاندا و هەندێکیان زۆر ڕادیکاڵ و هەندێکی تریان میانەڕەو و شلڕەون. ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەموو وەهابییەک لەنێو ڕەوتەکاندا ڕەوگەی توندوتیژی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ناگرێتە بەر. بەڵکو کەمێک لە جووڵانەوە وەهابییەکان بە ئاشکرا بانگەشەی تیرۆر و توندڕەوی دەکەن. کۆڵەران دەستەواژەی ناردنە دەرێی هزری وەهابیزمیان داهێنا، ئەم ناردنە دەرەوەیەش ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕیازەوە بوو، کە بە بەکارهێنانی ئامرازگەلێک هەماهەنگی و هاوکارییە سیاسی و دارایی و سەربازییەکانیان دەگەیاندە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەی کە وەهابیزم بەرپرسیار نییە لە تەواوی توندوتیژییەکان کە دەگوزەرێن، بەڵام لەگەڵ هەر کارێکی بناژۆخوازی و ڕادیکاڵدا ئەوان ڕووبەڕووی تانە و تەشەر دەبنەوە. عەرەبستانی سعودی پاش ئەوەی پیشەسازیی نەوت لەنێویدا بەرفراوان بوو، لەگەڵ ئەوەی خولیایەکی زۆری بۆ کاریگەریی لەنێو بزووتنەوە ئیسلامییەکانی جیهاندا هەبوو، بەڵام نەبووە تەنها سەرچاوەی کۆمەک و هەماهەنگی ئەوان، بەڵکو سعودییەکان لەبری خۆیان ئایدیای وەهابیزمیان کردە ماسکێک بۆ خزاندنی هەژموونی خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا نەزمی سیاسیی سعودیە بووە فاکتەرێک تا تەواوی بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان بە شێوازی جیاجیا بەهرەمەند بن و کارەکانی خۆیان هەڵسوڕێنن.

لـە بیسـتـەکانی سـەدەی پێشـوو تاوەکـو ئەمـڕۆ، لـەو کاتـەوەی کـە قەڵەمـڕەوی سـعودیە وەکـو دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ و بگـرە هێزێکـی سیاسـی و ئابـوری و ئایدیۆلـۆژی بـوونی خـۆی سـەلماندووە. ئـەم وڵاتـە خاوەنـی سـەمەرەیەکی تایبەتمەنـدە کـە لـە نەزمـی سیاسـیی خۆیـدا بەرجەسـتەی کـردووە و لـە وڵاتـانی دنکـەی جوداکردۆتـەوە. سـعودیەی میراتگـری تـوراسی ئیسـلام، و سـعودیەی خـودانی پێگـە و پێنـاوە پیرۆزەکانی ئیسـلام، و سـعودیەی قاڵبـوو لە نەزمـی هۆزایەتی و هێزی دەمارگیریی خێڵ، و سـعودیەی مەملەکـەتی پیاوسالاری و کەپتـی گەنجایـەتی و گیـانی سـەردەم. سـعودیە لە سـەد سـاڵی ڕابـردوودا لەگـەڵ ئـەوەی لـە ڕووی ئابوورییـەوە ڕۆڵـی وڵاتێکـی سـەرمایەداریی بینیـوە، وەلـێ بنەمـاکانی مۆدێرنـە و پێشـکەوتن لـە ڕەوتـە کۆمەڵایەتییەکەیـدا مرێنـراوە. چونکـە هیـچ بیرمەنـد و نووسـەر و ئەدیبێـک و هیـچ جووڵانەوەیەکـی ئەزموونگـەرا لـەو وڵاتـەدا نـەکە هـەر بـوونی نەبـووە، بەڵکـو قەمتـی گـەورە لـە بـەردەم هەمـوو ئـەو شـەپۆلە هزرییـە نـوێ و هاوچەرخانـەی خۆرئـاوا لـەو ڕووەوە دانـراوە. گرنگتر لـەوەش سـعودیە بۆخـۆی بووەتـە سـەرچاوەیەکی کارای پێناسـەکردنەوەی ئاییـن و ناردنـەدەرەوەی شوناسـی ئاییـن بـۆ تـەواوی ڕۆژهـەڵاتی ئیسـلامی. لـەم میانـەدا و لـە سـەد سـاڵی ڕابـردوودا نەتوانـراوە لەنێـو کایـەی هزریـی ڕۆژهەڵاتـدا کار لەسـەر بیرکردنەوەیەکـی ئەزمونگـەرا بکرێـت، وەک کەسـێکی چەشـنی دیڤیـد هیـوم (1776_1711) فەیلەسـوف و ئابووریناس و مێـژووزانی سـکۆتلەندی، چـون لـە ئەزمونگەراییدا کۆمـەڵ دەتوانێت پێشـبکەوێت و جووڵانـەوە ڕۆشـنگەرییەکان ئامانـج بپێکـن. گـەر بـە وردی تەماشـای چـاپ و بڵاوکـراوە و کایـەی نووسـین بکەیـن لـە سـعودیەدا، تێدەگەیـن کـە درێـژەدان بـە عەقڵگەرایـی بـوونی هەیـە، عەقڵگەراییەکـی پشتبەسـتوو بـە بەڵگـە و بورهـان، لـەم بەڵگـە و بورهانـەدا ئاتاجـی ئاییـن و شـۆڕبونەوەی ئاییـن لەنـاو ڕۆحـی کۆمەڵـدا زینـدوو ڕاگیـراوە. لێـرەدا عەقڵ بۆتـە پارێـزەری بنەما ئایینییـەکان و لـە هەمـوو تەڤگەرێکـی ئەزموونگەرایـی خۆدزراوەتـەوە. ئەزموونگەرایـی بـوار بـە پێویسـتیی ئاییـن نـادا، لـە ئەزموونگەراییـدا هەسـت و نەسـتی مـرۆڤ و هەڵسـەنگاندنی مـرۆڤ لەپێشـە. هـەر بۆیـە تەنها شـتێک کـە لـەم سـەد سـاڵەدا سـعودیە

**ئەو پەرتوکانەی کە ئاماژەی سیاسی و دەنگی سیاسییان لەپشتەوەیە یاخۆ بە جۆرێك ڕەوشی ناوخۆی سعودیە لەگەڵیدا كۆك نەبێت قەدەغە دەكرێن**

ڕووبەڕووی بۆتەوە بریتییە لە خەیاڵ. لە سعودیەدا خەیاڵ دژایەتی دەکرێت، لە سعودیەدا بیرکردنەوە و هزری ئازاد پێشی پێ دەگیرێت. هەر بۆیە تەنها وڵاتێکە نووسینی ئەو نووسەرانەی قەدەغە کردووە کە پشتبەستوون بە ڕامان و بیرکردنەوە. بۆ نموونە لاوازترین فۆرمی نووسین لە سعودیەدا نووسینی ڕۆمانە. 80% ئەو نووسەرانەی کە بەرهەمی ڕۆمانیان هەیە نووسینەکانیان لە سعودیەدا قەدەغەن. یەکەمین کتێبێک کە لە سعودیەدا قەدەغە کرا بریتی بوو لە (خواگر مێرحە)ی نووسینی نووسەری دیاری عەرەب (موحەمەد حەسەن عەواد)، ئەم کتێبە ساڵی 1926 بڵاوکرایەوە، پێشتریش لە بیستەکانی سەدەی پێشوودا بە چەند بەشێک لە ڕۆژنامەی (ام قری) بڵاو ببوونەوە. کتێبەکە چەند وتارێکی ئەدەبی بوون و سەرەتاکانی مۆدێرنە و بیری ئازادی لە سعودیەدا گەڵاڵە کردبوو. لەم نووسینەدا ڕۆڵی ژن و ئازادی و کۆمەڵی ئازاد شوێنی بوویەوە. بڵاوبوونەوەی هەموو هێز و توانای وەهابییەکانی بەرەنگاری شۆکێکی گەورە کردەوە، بۆیە لێنەوین تا یاساغی بکەن. لە هەمووی سەیرتر بە بێ بڵاوبوونەوەی پەرتوکەکە لەنێو سعودیەدا، هەستان بە وەڵامدانەوەی و نووسەرێکی دەربارى وەک یوسف یاسین تەنها بۆ نەیارێتیی بیری مۆدێرنە و خۆرئاوا لە بیستەکانەوە لەلایەن مەلیک عەبدولعەزیزەوە بانگهێشتکرا و کرایە سکرتێر و دواتر کرایە وەزیری دەوڵەت. یوسف یاسین هەوڵ پەرتوکی وەڵامدانەوەی ئەو نووسینانە بوو کە لە تەوەری مۆدێرنە و پێشکەوتندا خۆیان دەبینییەوە.

هەر ئەو سیاسەتەی خاندانی سعود بوو کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا لیستی ئەو پەرتوکە قەدەغانەی کە لە سعودیەدا هەن، لە تەواوی لیستی پەرتوکە قەدەغەکانی دنیای عەرەبی و ئیسلامی درێژتر بێت. ئەم هەوڵی قەدەغەکارییەش لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەشی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە دێتە جێبەجێکردن. لەم میانەدا هەموو نووسینێکی هزری لە چوارچێوەی سێکوچکە قەدەغەکراوەکاندا ڕووبەڕووی یاساغکردن دەبنەوە، ئەو سێ پرسەی کە لە سعودیەدا بڤەن، بریتین لە پرسی ئایین و سیاسەت و سێکس. لە پرسی ئاییندا شرۆڤەی سەلەفیزم زاڵن و پاڵنەری ئەم ئەدەبیاتە جووڵانەوەی وەهابییەکانە کە لە ساڵی 1744 تاوەکو ئێستا پاڵنەری پەروەردەیی و پێناوی ڕاستەقینەی بیرکردنەوەی خاندانی سعودیەن. هاوکات لە پەرتوکە میتۆدییەکانیشدا ئەم ئەدەبیاتە ئایینییە ڕەواجی پێ دەدرێت. بۆ نموونە لە میتۆدی خوێندنی سعودیەدا لە بنەڕەتییەوە تا خوێندنی باڵا، تەنها وڵاتێکە کە ڕۆحی پێکەوەژیانی ئایینیی کوشتووە و بە زمانی سوکایەتی و بە ئەنگێزەی ڕیسواییەوە لە هەر ڕێچکە و مەزهەب و ئایینێکی دی دەڕوانن. بۆ نموونە لە ناو خودی ئیسلامدا ڕەوگە عیرفانییەکان و تەسەوف و شیعە سوکایەتییان پێدەکرێت و مەسیحی و جووەکانیش بە دەستەواژەی کافربوون ناوزەد دەکرێن. لەم بارەوە چەندین جار هیومان ڕایتس ووچ هۆشداریی لە بارەی ئەو پەرگیرییەی میتۆدی خوێندن و چاپەمەنییەکانی سعودیەوە داوە. لە هەمووی دژوارتر ئەوەیە کە زارۆی شیعە مەزهەب

بە تایبەتی لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی سعودیەدا بە میتۆدێکی خوێندن پەروەردە دەکرێت کە خۆیان وەک شیعەیەک بە ڕافیزە بناسێنن. هاوکات تەواوی ئەو تێزە ئەکادیمیانەی کە سەبارەت بە ماستەر و دکتۆرا دەنووسرێن سەرلەبەری لە ژێر چاودێریی ئەمر بە مەعروف و نەهی لە مونکەردان.

جیا لە پەرتوکە ئەکادیمییەکان زیاتر ئەو کتێبانەی کە کتێبی ئەدەبی و خەیاڵئامێزن و پەیامی ئازادی و ئەوین و عەقڵی ئازادیان پێیە، دەچنە خانەی قەدەغەکارییەوە. لەم میانەدا تاوەکو ئێستا لە سعودیەدا ئەم ڕۆمانانەی خوارەوە قەدەغەن کە لێرەدا هۆکاری قەدەغەکردنیان دەخەینە ڕوو.

ڕۆمانەکانی نووسەر (عبدە خال) بە ناوەکانی (نباح) و (طین) قەدەغەن.

نووسەر عەبدە موحەمەد خال ساڵی 1962 لە ناوچەی جازان هاتووەتە دونیاوە، ئەو یەکێکە لە نووسەرە بەرچاوەکانی بواری ئەدەب و لە ساڵی 2010 براوەی خەڵاتی جیهانی ڕۆمانی عەرەبی (البوکر) بووە، ناوبراو زیاد لە بیست ڕۆمانی هەیە و لە هەموویاندا پەیامی ئەزموونگەرایی بۆ تاکی سعودی و عەرەبی دەهێنێتە بەرباس و پێی وایە ئیدی پێویستە مرۆڤی سعودی مرۆڤێکی دونیایی بێت و چاو بکاتەوە و عەقڵی خۆی لە بەهانە و بەڵگەی سەلماندنی ئایینییدا نەکوژێت. ناوبراو لە ڕۆمانی (نباح)دا باس لە جەنگ و قەیران و ئەگەری داگیرکاریی ئێراق دەکات بۆ سعودیە، لێرەوە خەیاڵی وابەستە دەکات بە عەقڵی چەقبەستووی عەرەبییەوە. ناوبراو لەسەر ئەو ڕۆمانەی لە بازاڕی (سوق الخیمە) لە پێش چاوی هاوسەرەکەی لە ساڵی 2010دا لەلایەن دەزگای ئەمر بە مەعروف دەدرێتە بەرشەق.

هەروەها یەکێکی دی لە ڕۆمانە قەدەغەکراوەکان بریتییە لە (حکایە وهابیە)ی نووسەر (عەبدوڵا موفلح)، لە پێشەنگای ڕیازی نێودەوڵەتیدا ساڵی 2013 لە پێش ناوەندی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا ڕێگری کرا لە عەبدوڵا موفلیح کە واژۆی کتێبەکەی بکات. ئەم ڕۆمانە باس لە ناوەندی ئایینی سعودی دەکات، باس لە هەوڵی مرۆڤ دەکات بۆ مانەوە، باس لە ململانێی نێوان پرەنسیپ و باوەڕ و واقیع دەکات، باس لە ململانێی نێوان دین و دنیا دەکات. پەیامی ڕۆمانەکە هۆشیاریی تاکی عەرەبییە لە تەوەری عەقڵ و زانستدا.

هەروەها یەکێکی تر لەو ڕۆمانە قەدەغەکراوانە ڕۆمانی (قلب من بنقلان)ی نووسەر (سەیف ئیسلام)ی کوڕی سعودی عەبدولعەزیزی خانەدانی سعودە. نووسەری ئەم کتێبە باس لە چیرۆکی باپیری دەکات کە چۆن لە بلوجستانەوە هاتون و لەوێدا نهێنیی کۆشکی پاشایەتی و گەمەی ئەم خانەوادەیە دەکات بە عەقڵی مرۆڤی سعودی، هەربۆیە دوای بڵاو بوونەوەی لە بازاڕەکاندا کۆکرایەوە. نووسەر سی و شەشەمین نەوەی سعودە و ساڵی 1956 لە دایک بووە. هەروەها نووسەری دیاری سعودی عەبدورەحمان مونیف زۆرترینی ڕۆمانەکانی قەدەغەن، بۆ نموونە ڕۆمانی (مدن الملح) ئەم ڕۆمانە لە پێنج بەش پێکهاتووە، باس لە ئاڵوگۆڕەکانی مرۆڤی جەزیرە و سعودیە دەکات،

بەتایبەتی لەو کاتەوەی کە نەوت دۆزراوەتەوە، لەو ڕۆمانەدا نووسەر باس لە تەسکبینی و سیاسەتی تەسکبینیی دەسەڵات دەکات، باس لەوە دەکات چۆن سامان و سەروەت لە بەندەستکردنی عەقڵی خەڵکدا بەکاردێت، باس لەوە دەکات چۆن دەسەڵاتی سەلەفیزم دەوروبەری خۆی نابینێت و دنیای تاریک کردووە بەڵام باس لە کۆشکو تەلاری ڕۆژی دوایی و دنیای ڕۆژی دوایی دەکات، باس لەوەدەکات چۆن دەسەڵات بەردەمی خۆی نابینێت بەڵام داهاتووی دوری دوای مردن شرۆڤە دەکات. ئەم ڕۆمانە مرۆڤی ڕۆژهەڵات ئاشنادەکات بە مێژوو، ئاشنای دەکات بە خۆشەویستی نیشتیمان و ئازادی. هەروەها ڕۆمانی (رم النزور) ی هەمان نووسەر قەدەغەیە، چیرۆکی ڕۆمانەکە باس لە زاڕۆیەک دەکات کە بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووی کۆمەڵ دەبێتەوە، باس لەوەدەکات چۆن نەوەی نوێ ڕووبەڕووی کۆت و بەندو نەریتە خورافییەکانی سعودیە دەبێتەوە. عەبدورەحمان بەدەوی 1933 هاتووەتە دونیاوە، یەکێک لە دیارترین نووسەرەکانی سەدەی بیستی وڵاتانی عەرەبییە، نووسینەکانی لە سعودیەدا قەدەغەن، بەڵام چەند بارە چاپکراونەتەوە و بە نهێنی لە تەواوی شەقامی سعودیدا پڕفرۆشترینن، ئەو پاش ئەوەیش کە 2004 دەمرێت، لە ساڵی 2007دا هێرش دەکەنە سەر مەزرارەکەی و دەیڕوخێنن.

هەروەها عالیە مەمدوح خانمە نووسەری عێراقی کە 1944 لەدایکبووە و لە پاریس دەژی، ڕۆمانەکانی لە سعودیە قەدەغەن، چوونکە سەرلەبەری پەیامەکانی بەتایبەتی لە ڕۆمانی (المحبوبات) باس لە خۆرزگارکردنی مرۆڤی عەرەب دەکات لەو بیرەی کە تێیدایە. هەروەها ژنە نووسەری دیار ڕجا عالم لە ڕۆمانی (خاتم)دا کە خەڵاتی نێونەتەوەیی بوکەری لە 2011 وەرگرت لەو ڕۆمانەیدا کۆمەڵی مەککە و حیجازی خستووەتە ژێر پرسیارەوە. هەموو ئەو ڕۆمانانە و چەندین ڕۆمانی دیکەی وەکو ڕۆمانەکانی (پایزی پاتریارکی و یادەوەریی سپزانییە غەمبارەکانم و سەد ساڵ تەنیایی)ی گابریێل مارکیز، هەروەها ڕۆمانی (یانزە خولەک)ی پاولۆ کۆیلۆ، ڕۆمانی زۆربای نیکۆس کازانزاکیس و (القلعە البیضاء) و (اسمي احمر)ی ئۆرهان پاموک و جیهانی سۆفیای یۆستاین گاردەر و چیرۆکی (لن نتطور ابداً) ی عەزیز نەسین و (شقە الحریە)ی غازی قوسەیبی. ئەمانە و چەندین ڕۆمانی دکەی نووسەرە دیارەکانی جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە سعودیەدا قەدەغەن و لە پێشەنگای کتێبەکاندا لایان دەبەن و کۆیان دەکەنەوە. بەشێکی بەرینی قەدەغەکارییەکان لەسەر نووسینی ڕۆمانەن چوونکە بە هیچ جۆرێک خەیاڵ و ئەندێشە و ڕۆچوون و ڕامان لەو عەقڵە سەلەفییەی کە جڵەوی ئەمر بە مەعروفی لەدەستایە هەزم ناکرێت.

هاوکات ئەو پەرتوکانەی کە ئاماژەی سیاسی و دەنگی سیاسییان لەپشتەوەیە یاخۆ بە جۆرێک ڕەوشی ناوخۆی سعودیە لەگەڵیدا کۆک نەبێت قەدەغە دەکرێن، لە دیارترینی ئەو کتێبانەی کە لەم ساڵانەی دوایدا قەدەغەکراون بریتین لەم پەرتوکە سیاسیانە:

(الاستشراق وآل سعود)ی ئەحمەد عەبدولمەجید غەراب، ئەم پەرتوکە لە ساڵی 1994 چاپکراوە. هەروەها نووسەر ئەیمەن یاسینی پەرتوکەکەی بەناوی (الدين والدولة فى المملكة العربية السعودية) قەدەغە کراوە، لەم کتێبەدا بوونی خانەوادەی سعود و شێوازی بەکارهێنانی ئایین و دەوڵەت بە وردی شرۆڤە کراون، هەربۆیە دەنگدانەوەی ئەم کتێبە هێندە بەرچاو بوو کە بە تەواوی دەسەڵاتی قەڵس و نیگەران کردبوو. هەروەها کتێبی (شیعیون فى السعوديه)ی فهد القحطانی و کتێبی (السياسة الاعلامية فى المملكة العربية السعوديه) ئەمین ساعاتی و کتێبی (فصول من تاريخ العربية السعوديه)ی فاسالیف . بەتێکڕا ئەو کتێبانەی کە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی و لە سعودیەدا قەدەغەن تەنها لە ماوەی پێنج ساڵی کۆتاییدا نزیکەی 600 کتێبی قەدەغە بوونیان هەیە. لەم میانەدا دەوڵەتی سعودیە بە تەواوی بوونی چاودێری خۆی بەسەر تەواوی ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندن و چاپ و چاپەمەنیدا شۆڕکردووەتەوە و میدیای ئەو وڵاتە لە هۆشدارییە یەک لە دوای یەکەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە لە 2004 دەستی پێکردووە هاوکات لەگەڵ هۆشدارییەکانی هیومان رایتس وۆچ ڕووبەڕووبووەتەوە و تێکڕایان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەڵێن لە سعودیەدا ئازادیی ئایینی و بیروباوەڕ لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە.

ئازادی لە سعودیەدا لە پاش بەهاری عەرەبییەوە بە شێوەیەکی زۆر ترسناک جڵەوگیر کراوە، هاوکات مەترسییەکانی ئێران بۆ سەر سعودیە هۆکارێکی کاران تا لەژێر ناوی ڕووبەڕووبوونەوەی زەندیق و شعوبی و کوفردا پاساویان هەبێت بۆ سەرکوتی زیاتری ئازادی. سعودیە لە ئێستادا تەنها وڵاتە کە میدیایەکی ئاراستەکراوی وابەستە بە پەروەردەی وەهابیزمی هەیە و مەترسیی بیری شیعەگەرایی کە باشترین چەکە بۆ کلۆمدانی عەقڵی خەڵک خراوەتە گەڕ. چاودێران شیمانەی ئەوە دەکەن کە سعودیە وەک پێتەختی پیرۆزییەکانی ئیسلام و ڕابەری ڕەوگەی سوننەمەزهەبەکان ، نزیکەی 80%ی تەواوی ڕێکخراو و دەزگا و پارتە ئیسلامییە ڕادیکاڵە ئاشکرا و نهێنییەکانی جیهانی ئیسلامی تاوەدەدات و پشتیوانییان دەکات. ئەم ڕەوشەی سعودیە لەنێو وڵاتانی موسڵماننشیندا لە ڕابردووشدا هەر هەبوو، بەڵام تا کاتێک لە دوای بەهاری عەرەبی و هاتنە سەرکاری مورسی لە میسر و پاشان شکستی بەرچاوی ئیخوان لە پرۆسەی دەسەڵات و دورخستنەوەیان، ئیتر بە جارێک جڵەوی فەرمانبەرداری جووڵانەوە ئیسلامییەکان لە دەستی ئیخوان هاتووەتە دەرێ. ئیخوان تەنها ئومێدی قەتەر بوو، بەڵام قەتەریش نەک هەر نەیتوانی بەو ئەرکە گڵۆبالییەی بیری ئیسلامگەرا هەڵسێت، بە پێچەوانەوە وەختە بۆ خۆیشی دەبێتە قوربانی. لە ئێستادا سعودیە ڕەگە وەهابییەکە لە ئیخواندا بەرجەستە ناکات، بەڵکو بە باری سەلەفییەتا شکاوەتەوە و نوێنەرایەتیی فۆرمێکی ئیسلامیی

سونی دەکات لە بەرگی سەلەفییەتدا، ئەم فۆرمە بووەتە داینەمۆی جووڵانەوە ئیسلامییە سونییەکان و شکستی بە پرۆژە ئیخوانییەکە هێناوە. لەم میانەیشدا بە شێوەیەک لە شێوەکان خانەوادەی ئال سعود پشتیوانیی ئەم پرۆژەیە دەکەن.

هەربۆیە تەواوی پێشهاتەکان بۆ وڵاتێکی وەکو سعودیە خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە سعودیە سەرچاوەیەکی تەڕ و پاراوی بیری سەلەفیزمە و نەک هەر ناتوانێت گۆڕانکاری بکات، بەڵکو بەردەوام فۆرمەکانی بندەستکردن و سوککردنی واتا و وێنای ئازادی و ڕادەربڕین لەو وڵاتەدا تۆختر دەبێت و لە جاران زیاتر کەوتووەنەتە داوی سیاسەتێکی چەقبەستووی سەلەفیزمەوە.

هەربۆیە لە ئێستادا زۆرترینی ئەو نووسەرانەی یان ئەو ئەکادیمیانەی کە خاوەنی قەڵەمی ئازادن ناتوانن بچنەوە نێو وڵات و زێدی خۆیان، بە گوێرەی نێزیکترین زانیاریی کە پێگەی ئەلەکترۆنی (الشمس) لە 2018/7/14 بڵاویکردەوە، ئەوە خرایەڕوو کە تاوەکو ئێستا 60% ئەو خوێنکارانەی کە لە دەرەوە بڕوانامەی دکتۆرایان بەدەستهێناوە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، هاوکات خانەدان و زەنگینەکانی سعودیە لەئێستادا لە دەرەوە دەژین و پەنابەرن، ئەم نەزمە بە جۆرێکە کە بە شێوەیەکی شاراوە کۆچێک لە نەوەی نوێ لە سعودیەوە بۆ وڵاتانی دەرێ دەستی داوەتێ، ئەم کۆچە کۆچێکی بێدەنگی دوور لە دەنگۆی میدیاکانە و پەیوەندیی بە بژێوی و ژیان و ڕەوشی نائارامەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە ئازادی و دەربڕینی ئازادەوە هەیە کە جیا لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی لە سعودیەدا پرسی ئازادی پرسێکی دیارە و پێش پرسی خزمەتگوزاری کەوتووە کە جوڵێنەری بەهاری عەرەبی بوو.

## سەرچاوەکان


https://alahednews.com.lb/14089355//-

http://www.an7a.com/201411/05//

NYTimes، "Saudi Executions Seen as Sending Message to all Dissenters،" January 5، 2016.

https://al-sharq.com/article/172017/12//

http://www.na-businesspress.com/JHETP/AlamriWeb114-.pdf

Simmons، C.، & Simmons، C. (1994). English، Israeli-Arab and Saudi Arabian adolescent values. Educational Studies، 20(1)، 6987-.



خەسرەو مەحمود

# ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستان
## لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

## پێشەکی

وەك لە ناونیشانی بابەتەکەوە دیارە، مەبەست لێرەدا هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی بزووتنەوەیەکی سیاسی و فیکریی ئایینی وەك ئیسلامی سیاسی یان ئیسلامگەراییە، لە نێوان دوو سەردەم و زەمەنی جیاوازدا، ئەو دوو سەردەمەش بریتین لە سالانی سەرەتای دەستپێکردن و پەلهاویشتن و گەورەبوونی، ئەم چەند ساڵەی دوایی. گەرچی ڕەنگە پۆلێنکردنەکە لە ڕووی زەمەنییەوە ورد دەرنەچێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت دەتوانێت چەند هێڵێکی جیاکەرەوەی گشتیمان پێببەخشێت کە لە ڕوانگەیانەوە جیاوازییەکانی نێوان هەردوو دوو سەردەم و هەلومەرجەکە بە ڕوونی ببینین و خوێندنەوەکەی خۆمانی لێوە هەڵبهێنجین.

هەر گروپێك، سیاسی بێت یان فکری، گەر لە ڕەوتی کارکردنی خۆیدا گەشەکردن و بەرەو پێشچوون بە خۆیەوە نەبینێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئاماژەیە بۆ جۆرێك لە چەق بەستوویی و شکست. لەمەش بەولاوەتر، گەر بێتوو لە جیاتی نەبوونی گەشە و بەرەو پێشچوون، گەڕانەوە بۆ دواوە، یان لاوازبوونی ئاشکرا بەدی بکەین، یاخود پەشیمان بوونەوە و هەڵگەڕانەوە لە چەند پرسێك ببینین کە پێشتر بە بنەمای سەرەکیی فیکری یان سیاسی یان ئایینی هەژمار دەکران، ئەوا دەتوانین بڵێین شکستەکە لە هەرەسەوە نزیکترە، واتە شکستەکە گەلێك گەورەتر و دیارترە، لێرەدا هەڵسەنگاندنەکەمان لەسەر سێ ڕەهەندی سەرەکیی دەبێت، واتە تیشك دەخەینە سەر سێ لایەن و پێکهاتەی بنەڕەتی لە بوون و چالاکی و ماهیەتی ئەم بزووتنەوەیە کە بریتییە لە ئیسلامی سیاسی یان ئیسلامگەرایی.

## یەکەم: ڕەهەندی بانگەوازی ئایینی (ڕەهەندی ئایدۆلۆژی)

لەو سۆنگەیەوە کە ئەم بزووتنەوەیە بەر لە هەر شتێك بزووتنەوەیەکی ئایینیە، واتە ئایینی کردۆتە سەرچاوەی بوون و پاساوی ئامادەگیی خۆی، ئەوا ئەرکی ئەم بزووتنەوەیە بە پلەی یەکەم بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەرکێکی ئایینییە. بەو مانایەی هەرجۆرە هەڵوێستێکیان بەرامبەر هەر ڕەهەندێکی ژیان و چالاکییەکانی مرۆڤ هەبێت، یان تیۆریزە بۆ هەر کایە و بوارێکی ناو ژیان بکەن، بە ڕەهەند و کایەی سیاسی، زانستی، مەعریفی، پەروەردەیی و ئابوری و...یشەوە، دەبێت لە ئایینەوە سەرچاوە وەربگرێت، جۆرێك لە شەرعییەت و پاساوی ئایینیانەی بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەم خاڵەی سەرەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دەبێت ئەم بزووتنەوەیە بەر لە هەر شتێك بایەخ بە خودی ئایین خۆی بدات، بە زانستە ئایینیەکان و بنەماکانی جیهانبینی ئایینی و هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی جەماوەر لە پێکهاتە و ڕاستییەکانی ئەم ئایینە و بانگەوازکردن بۆی، بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی جۆرێك لە هۆشیاری مەعریفەی ئایینی.

بزووتنەوەی ئیسلامگەرایی، بە حیزب و باڵە جیاوازەکانییەوە، لە سەرەتای دەرکەوتن و کارکردنیدا و بۆ ماوەی چەند ساڵێك، تا ڕادەیەك بایەخیان بە فێرکردنی قورئانی پیرۆز و فەرموودە و زانستە ئیسلامییەکان دەدا، هاوڕێ بە فێرکردنی زمانی عەرەبی و بابەت و کایە ئیسلامییەکان بە گشتی لەگەڵ جۆرێك لە پەروەردەی تایبەتی ئایدۆلۆژیی بە ئامادەبوونی مامۆستا، مەلا، بانگخوازە دامەزرێنەر و کادرەکانی